# ئازاری لە دایکبوون



**ئەسعەد عەزیز محەمەد**

بەنێو ڕێڕەوی بەردەم هۆڵی نەشتەرگەرییەکە کەوتە هاتووچۆکردن، ئەو چەند ژنەش کە لەگەڵیدا هاتبوون بۆ نەخۆشخانە لە سووچێکەوە لەسەر زەوییەکە دانیشتبوون، بیرکردنەوەی جەنجاڵ بووبوو بەقسەکانی دوێنێ شەوی ژنەکەییەوە کە لە ئازاردا دەیگوت:

-هەمووی خەتای تۆیە کە تووشی ئەم ئازارەمت کردووە.

زۆر لەوە دەترسا ئەو گوناهە بەنێو چاوانییەوە بلکێتو هەتا مردن لێی نەبێتەوە، ئێوارەی ئەو ڕۆژەی هاتەوە خەیاڵ کە پزیشکەکە پێیوت:

-لێت ناشارمەوە ئەم نەشتەرگەرییە کارێکی ئاسان نییە بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ژنەکەت نەخۆشیی دڵی هەیە.

بەدەم هەنگاونان، بەبێ مەبەست بەرەو لای ژنەکان ڕۆیشت، گوێی لە ژنە دراوسێیەکەیان بوو کە بە خەسووی وت: لەدایکبوونی منداڵی تۆبەرە هەروا بە ئازارە.

ڕوانییە نیگای خەسووی کە زمانی تەتەڵەی دەکرد، چی لە سەرماو چی لە ترساندا بە ئاهێکی قووڵەوە وتی: دایکی کوێرایی دابێت، سەرەرای تۆبەرە، نەخۆشیی دڵیشی هەیە. ئەو قسەیە دڵەراوکێی لە دەروونی ئەو ژنە دروستکرد، بینینی ئاراستەی دایکی کرد ئەویش ڕووخساری پەشۆکابوو، ڕوومەتی سووری لە ترسدا سپی

بووبووەوە، ترس باڵی بەسەر هەموویاندا کێشابوو، کردنەوەی دەروازەی هۆڵی نەشتەرگەرییەکەو دەرچوونی کچە سستەرەکە کە هەر خۆی دەم بە پێکەنین بوو ئەو دیمەنی ترسەی ڕەواندەوە، لە دوای ئەوەی کە وتی: چاوەڕوان بن، هێشتا ڕزگاری نەبووە.

بەیادگارییەکانی گەڕایەوە ڕۆژی پێشوو کە لە ناو پۆلدا بوو، تەختەرەشێك بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو لەلای سەرەوە لە ناوەڕاستی تەختە ڕەشەکە وشەی زانست نووسرا بووە، لە بەری ڕاستدا لە سەرەوە بەرواری دووشەممە 3/ 12/ 2003 نووسرا بوو، لەبەری چەپدا لە سەرەوە وانەی / یەکەم نووسرابوو. لە ژێر وشەی زانستەکە بەختێکی بچووکتر ئەم پرسیارەی نووسیبووەوە: چۆن مرواری دروست دەبێت؟

ڕووی دەمی لە قوتابییەکانی کردو وتی:

-کێ دەزانێت چی گیانەوەرێك مرواری دروست دەکات؟

چەند قوتابییەك دەستیان بۆ ئاسمان بەرز دەکەنەوە، ئەویش ئاماژە بۆ یەکێکیان دەکات و دەڵێت: تۆ..

-گوێچکە ماسی.

-ئافەرین.

درێژە بە قسەکانی دەداو دەڵێت:

-بەڵێ گوێچکە ماسی مرواریمان بۆ دروست دەکات، جارێکی تر ڕووی پرسیاری ئاراستەی قوتابییەکانی دەکاتو دەڵێت: ئەی کێ دەزانێت چۆن گوێچکە ماسی مرواری دروست دەکات؟

ژمارەییەکی کەمتر لە قوتابیان لە جاری پێشوو دەستیان بەرز دەکەنەوە. ئەویش وەکو ئەوەی بیەوێت زۆرترین قوتابی بەشداری لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە بکات، وتی:

-کێی تر وەڵامەکە دەزانێت؟

چاوی بە پۆلەکەدا گێرا، تەماشای کرد هەر ئەو چەند قوتابییە دەستیان بەرز کردۆتەوە، بە دەستی ئاماژە بۆ یەکێکیان دەکات و دەڵێت:

-فەرموو تۆ هەڵسە.

قوتابییەکە دەست بە قسەکردن دەکات و دەڵێت:

-کاتێك دەنکە لمێکی بچووك دەخزێتە نێوان هەردوو ئەو سەدەفەی کە گوێچکە ماسییەکەی داپۆشیوە، ئەو کاتە گوێچکە ماسییەکە شلەیەك دەرژێنێت، لە ئەنجامی ئەو شلەیە مرواری دروست دەبێت.

-ئافەرین چەپڵەیەکی بۆ لێبدەن.

قوتابییەك دەستی بەرز کردبۆوە، ئەویش بەرەو لای ئەو قوتابییە ڕۆیشت و پێی وت:

-ها کوڕم چیت دەوێت؟

قوتابییەکە وتی: مامۆستا ئەو گوێچکە ماسییە لە کاتی ڕژانی ئەو شلەیە ئازاری بەردەکەوێت، لەو ساتەی کە لە یادەوەرییەکانی وەڵامەکەی بەبیردا هاتەوە، هەر ئەو ساتە بە کردنەوەی دەرگای هۆڵی نەشتەرگەرییەکە یادەوەرییەکەی پچڕاند، بەڵام وەڵامەکەی کەوتە سەر زمانی کە دەیووت:

-هەموو لە دایکبوونێك ئازاری خۆی هەیە.

ژنە سستەرێك کە بەرەو لای دەهات، پێی وت:

بوتڵێك خوێنمان دەوێت.

ئەویش بەبێ بیرکردنەوە وتی: من ئامادەم.

ژنەکە بە گومانێکەوە وتی: دەبێت خوێنەکە لە هەمان گرووپی خوێنی ژنەکەت بێت.

ئەویش وتی: خوێنی هەردووکمان هەر لە گرووپی +O-O.

ژنەکە بەدەم ڕۆیشتنەوە وتی: وەرە لەگەڵم.

پاش ئەوەی لەگەڵیدا بەرێکەوت لە ژوورێکدا، لەسەر تەختەیەك ڕایکشاندو خوێنی لە باڵییەوە بۆ ناو بوتڵێك وەکو جۆگەیەکی باریکی ئاو بەڕێکرد. مووچرکەیەك بە لەشیدا هات و بەوێنەی تەزوویەکی کارەبا بەناو

دەمارەکانی تێپەڕ بوو، لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی هەڵدایەوە، گەڕایەوە ئەو ڕۆژگارەی کە خەریکی جێبەجێکردنی مامەڵەی گرێبەستی هاوسەری بوو، ئەو کاتە بۆی دەرکەوت کە لەگەڵ ئەو کچەی کە بەنیازە ژیانی لەگەڵ بەسەرببات خوێنیان سەر بەیەك گرووپە، ئەوەشی لە یاد مابوو کە پێی وت:

ئەزانی ئەمە شتێکی باشە، چونکە هەر کاتێك پێویستیت بە خوێن هەبوو دەتدەمێ. قسەی ژنەکەشی بەبیردا هاتەوە کە وتی:

-خوا نەکات کەسمان پێویستیمان بە خوێنی یەکتر ببێت. چاوی برییە دیوارەکەی بەرامبەری تەماشایەکی کاتژمێرە هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکەی کرد، بینی کاتژمێر (10/10 ) دە و دە دەقیقە بوو، ئەو کاتە پرسیارێکی کۆنی لە ناو یادەوەرییەکانی زیندووکردەوە.

-داخو بۆچی زۆربەی پێشانگەکانی سەعاتفرۆشەکان کاتژمێرەکانیان لەسەر دە و دە دەقیقە دادەنێن؟

هەر لە بیرەوەرییەکانی ڕۆژێك ئەو پرسیارەی لە هاوڕێیەکی کرد، ئەویش لە وەڵامدا وتی: لەبەر ئەوەی ئەو کاتە جەنگی جیهانیی دووەم کۆتایی پێهات.

نەیدەزانی وەڵامی هاوڕێکەی ڕاستە یان نا، بەڵام لە ناخی خۆیدا نەفرەتی لە هەموو شەڕەکان دەکرد، نەفرەتی لەوانەش دەکرد کە شەڕ بە هەر بیانوویەکەوە دروست دەکەن، گەیشتبووە بڕوایەك کە شەڕ مەرگە و ژیانیش لەدایکبوونە.

لە دوای ئەوەی بوتڵە خوێنەکە پڕبوو، ژنە سستەرەکە هاتوو لە دەستی کردەوە، بوتڵە خوێنەکەی بردو ڕۆیشت، ویستی هەڵبسێت سەری سووری خوارد، بیرکردنەوەی بەرەو لای ژنەکەی ڕۆیشت، یادەوەریی چەند ڕۆژی ڕابردووی بەخەیاڵدا هاتەوە، کە ژنەکەی پرسیاری لێکرد: کە منداڵمان بوو ناوی چیی لێ دەنێیت؟

-ئەگەر کوڕمان بوو ناوی دەنێم ئامانج، چونکە لە ژیانمدا بە ئامانجی خۆم نەگەیشتووم، بەڵکو کوڕەکەم بە ئامانجی خۆی بگات، ئەگەر کچیشمان بوو ناوی دەنێم پاکیزە، چونکە ژیان بۆگەن بووە، بەڵکو بەهۆی پاکیزەییەك پاکببێتەوە. لە سەر تەختەکە دانیشت، دوای ساتێك پێڵاوەکەی لەپێکردو بەرەو لای هۆڵی نەشتەرگەرییەکە ڕۆیشت، کە گەیشتە ئەولای ژنەکان لێی کۆبوونەوە، هەر لەوێدا لەسەر زاری خەسوویەوە بەسەرهاتی ئەو پیاوەی بیست کە پشتی بە دیوارەکەوە دابوو، چاوەڕوانی تەرمی ژنەکەی و منداڵێکی ساوای دەکرد.

خەسووی وتی: ئێستا پزیشکەکە لێی پرسی: دەتەوێت ژنەکەت بژێت یان منداڵەکەت؟

ئەو خوانەناسە وتی: منداڵەکەم بۆ ڕزگار بکە.

ئەو ڕووداوە ئەوی لەناو دەریای بیرکردنەوە جارێکی تر نقووم کردەوە. کەوتە بیرو لێکدانەوە. لە خەیاڵی خۆیدا دەیگووت: ئەی ئەگەر ئەو پرسیارە لە من بکەن، من چی بکەم؟

پاش چەند چرکەیەك بیرکردنەوە وتی: بێ شك دەڵێم ژنەکەم دەوێت. حەزی منداڵ لە دەروونیدا کڵپەی دەدا، ئەو لە خەیاڵ و ترسدا بوو، گریان و واقەی لەدایکبوونی منداڵێك دەنگی لە ناو هۆڵی نەشتەرگەرییەکەوە بەرز بووەوە، ترس وسەرسامی زیاتر تەنگی پێ هەڵچنی، جگەرەیەکی داگیرساند، پێش ئەوەی دوامژ لە جگەرەکەی بدات، کچە سستەرە ڕووخۆشەکە هاتە دەرەوە وتی:

-مزگێنیم بدەنێ منداڵێکی جوانتان بووەو دایکیشی باری تەندروستیی باشە. تەنها ئەو ڕستەیە بەس بوو بۆ ئەوەی خۆشی و ئارامی لەڕووی هەموویان پەیدا بێت.